# ئێوەش منداڵی حزبن



ئاسۆ عەلی فەرەج
aso_ali2003@yahoo.com

تازە لەوە گەیشتووین منداڵانی حزب چۆن و بەچی ڕێگایەک پەروەردە دەکرێت و چۆنیش بەکاردێت، بۆ بەرژەوەندییەکانی حزب، کە ئەمەش بە عەیب نازانم، چونکە هەڵبژاردنی کلتورو بەهای حزبیبوون بە پێوەری سەرکووتکاری نەبووە و نابێت، تەنیا خود ئازادە لەوەی کە چون ئەدای حزبیبوونی خۆی بکات، ئایا ئەم ئەدا بوونە بە چ شێوە و چ ڕێگایەک دەبێت گرنگ نیە، گرنگ گەڕانەوەی ئیجابیبە بۆ باوەشی حزب.

دەمێکە گەورە ناکامڵەکانی حزب کەتوونەتە وێزەی وشەی بەناو زبرو تۆمەت و لاواز بوون دەدەنە پاڵ ڕۆڵەکانی حزب و بە منداڵی حزب دەیانووسێتەوە یان لە نێو کەوانێک لە ژێر دەیان پرسیار بەجێیان دەهێڵێ و خۆشیان کردۆتە دەمڕاستی دەنگی ئازاد و هەڵقووڵاوی ناخی هاووڵاتیان!!

عەجیب، رابردوو ئەوەندە لاواز بێت، ئێستا بسڕێتەوە تارمەیەک بکاتە ڕۆشناییەک!!

خوانەخواستە مەبەستم ئەوە نیە، کە رابردوویان بخەمە ژێر پرسیارەوە، مەبەستم ئەوەی ببێژم: ئەرێ بەراست ئەوە ئێوەش نەبوون لە منداڵدانی حزبەکەی ئێمەوە بەو شێوەی ئێستا گەورە بوون، بەس چ گەورە بوونێک، بە ڕێڕەوی ناکامڵی و هەڵچوون!!

ئەزبەنی، لێرەدا نامەوێ گومانت لا دروست بکەم، بەڵام دەبێت ئەوەشت لە یاد بێت سەردەم گۆڕاوە و دییەکان خۆیان ئەو دیوی نهێنیەکان دەزانن، کەواتە پێویست ناکات لە بێ بابەتی پەنا بەریتە بەر ئەوەی کە منداڵانی حزب چیان پێ وتوی، ڕێگای خۆت بگرە و ئەوەی هاتە سەر ڕێت فڕێ بدە، نەک ببیتە ڕێگر لەبەردەم هاتوچۆی خەڵک.

دێمەوە سەر ئەوەی کە چۆن هەر کەسێک لە پێگەو قورسایی خۆیەوە کار بکات لە پێناو ئەو ئامانجانەی ژیانی خۆی و دواتر ئەو ڕێبازەی هەڵبژاردووە، بەڵام نەوەک تەسفیەکردنی لەسەر بنەمای شکاندنەوە و هەوڵدان بۆ لاواز کردنی دەوروبەر بەو وشانەی لە بێ بابەتیدا دەنووسرێنەوە، وابزانم حزبیش لەوە تێگەیشتووە، ڕۆڵەکانی چۆن لە پێناو گەیاندنی پەیامەکەی کار پێدەکات و بەکام ئاڕاستەش، بۆیە پێویست ناکات خەڵکانی دیکە بە وشەکانت تەقیمی ئاستی لێکتێگەیشتن ئاڵۆز بکەی.

**لەوە دەچێت، تاکو ئێستاش کەسانێک وا بیر بکەنەوە، بەم شێوە دەتوانن پێگەو قورسایی ئێمە مانانی( منداڵانی حزب) لاواز بکەن، نا زۆر سەهون!!!**

**ئێمە خۆمان هەوڵدەدەین لە زهنی تێگەیشتن و خوێندنەوەی واقیعی قسە لەسەر شتەکان بکەین، بەڵام خەڵکانێک هەن، تەنانەت مانشێتەکانیشیان لەلایەن خەڵکەوە بۆ دیاری دەکرێت، ئەوجا چ جای کرۆکەکەی، بەخوا سەیرە.**

**تێبینی: ئەم بابەتە رەوانەی هەفتەنامەی جەماوەری( ئازاد و ئەهلی) کرابوو، بەڵام نەیانوێرا بڵاوی بکەنەوە، ئەمەش سەیرە!!**